هەڤپەیڤین



# دەسەڵات و پێداگۆگی و ئەوتیزم
# دیالۆگ لەگەڵ بو هێلسکۆڤ

سازدانی: شارا تاهیر

JINEFTIN.KRD
jineftin.krd

هەڤپەیڤین
ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١
jineftin.krd

بو هێلسکۆڤ یۆرگنسن (Bo Hejlskov Jorgensen) ، دەروونناسێکی دانیمارکییە کە بۆ ماوەی بیست و شەش ساڵە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. کەسێکی ناسراوی دونیای ئەوتیزمە و وەك خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، خاوەن دیدێکی مرۆڤدۆستانەیە لە بوارەکەی خۆیدا. هێلسکۆڤ نووسەری چەندەها کتێبە بە زمانی سویدی، دانیمارکی و ئینگلیزی. نووسینەکانی زیاتر تایبەتن بە میتودەکانی پێداگۆگی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی ئەوتیست بە هەموو چەشن و جۆرە جیاوازەکانییەوە.

ئەم دەروونناسە وەك پێداگۆگێك ئیش لەسەر چەمکی ڕەفتاری ڕکابەریی (Challenging Behavior) دەکات، ڕەفتاری ڕکابەری بە مانای هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لە لایەن کەسی بیرکۆڵ و ئەوتیستەوە ئەنجام دەدرێن و دەبنە هۆی دروستکردنی کێشە و گرفت بۆ دەوروبەر: (لەخۆدان، گازگرتن، جنێودان، شت هاویشتن، ئازارادانی بەرامبەر و تفکردن و هتد). میتۆدەکانی هێلسکۆڤ جەختکردنە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕەفتارانە لە ڕێی ڕاهێنان و ڕێنماییکردنی دایك و باوك، مامۆستا و ئەو کارمەندانەی ئیش لەگەڵ منداڵ و گەنج و کەسی گەورە کە ئەوتیزم و (ADHD) و بیرکۆڵەکان دەکەن، یان ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن.

هێلسکۆڤ خاوەنی چەندەها خەڵاتی ڕێزلێنانی تایبەتە، لەوانەش: خەڵاتی پەزڵ یان مەتەڵ (Puzzelpiec) کە ساڵی (٢٠٠٩) لەسەر ئیشەکانی دەربارەی ئەوتیزم، پێی بەخشراوە، وەکچۆنهەمان ساڵ خەڵاتی باشترین وانەبێژیشی لە لایەن کۆنفیکسی دانیمارکییەوە پێ بەخشراوە، ئەندام و دەستەی دامەزرێنەری پلانی نەتەوەیی ئەوتیزمە لە دانیمارك (National Plan Autism).

پێشتر من لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبەکانییەوە ناسی بووم، بە تایبەتی کتێبی (ڕەفتاری گرفتخوڵقێنەر)، پاشتر بەهۆی ئامادەبوونمەوە لە لێکچەرێکیدا کە دەربارەی ئەو کێشانە پێشکەشی کرد، توانیم ئەم پەیوەندیەی لەگەڵدا دروست بکەم و داوای لێبکەم چاوپێکەوتنێك ساز بکەین. ئەوەبوو ئەویش خۆشحاڵی خۆی نیشاندا. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو دیالۆگەیە کە ٢٠١٣\٠٦\١٤ لە شاری ڤاربێری (Varberg) لە وڵاتی سوید لەگەڵی سازکراوە:

**شـــارا**: ســـوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، وەك ســـەرەتایەك حەز دەكەم لە زاری خۆتەوە بزانم كە هێلسكۆف كێیە؟

**هێلسكۆف**: وەك دەروونناسێك نزیكەی پانزە ساڵە لە بواری سایكۆلۆژیدا كار دەكەم، پێشتر لە بواری پێشـــەســـازیدا كارم كردووە. تەمەنم ٢٧ ســـاڵ بوو كاتێك دەســـتم كرد بە خوێندنی نیرۆســـایكۆلۆژی. لەگەڵ ژنەكەمدا دەژیم و پێكەوە منداڵێكی زۆرمان هەیە، كە ئێســـتاكە هەموویان گەورە بوون . بچوكترین منالّم بەیانی ئاهەنگی هاوســـەرگیری هەیە، دەزانم كە ئاهەنگێكی  خۆش و گەورە دەبێت.

دوای ئەوەی خوێندنم تەواو كرد دەســـتم كرد بە ئیشـــكردن لەبوارەكەی خۆمدا. ســـەرەتا ئیشـــم لێكۆڵینەوە بوو لە كاریگەری و ئیشـــی مێشـــك و پەیوەندی بە دەورووبەرەوە لەســـەر ئاســـتی تاكەكەس، بە تایبەتی كارەكەم پەیوەندی بەو كەســـانەوە هەبوو كە لە ژیانیاندا ســـەركەوتوو نەبوون، زیاتر مەبەســـتم لەو لاو و هەرزەكارانەیە كە دوچاری ڕەفتار و كردەوەی تاوانكاری هاتوون و كۆمەڵگە بە تاوانباریان دەزانێت. ئەوەبوو دواتر لێكۆڵینەوەكانمان بردە ناو كایەی پێداگۆگییەوە. لە توێژینەوەكەماندا بۆمان دەركەوت ئەو كارمەندانەی كار لەگەڵ كەســـانی خاوەن پێداویســـتی تایبەتدا دەكەن، شـــێوازی زۆر توندوتیژیان لەگەڵدا بەكار دەهێنن: بۆ نموونە بەســـتنەوەیان یا زۆر كار و كردەوەی نابەجێی تر. دەرەنجام گەیشـــتینە ئەوەی كە دەبێت ئەم كەســـانە بە شـــێوەیەكی باشـــتر مامەڵە بكرێن. ئەم توێژینەوانەی ئێمە بوونە مایەی مشـــتومڕ و گفتوگۆیەكی زۆر لەســـەر ئەم بابەتە، ئیتر خەڵك كەوتە پرســـیاركردن لەوەی كە دەبێت چی بكەین و چۆن مامەمەڵە بكەین تا بارودۆخی كەســـانی خاوەن پێداویســـتی تایبەت باشـــتر بكەین. من خۆم لەم پێنج ســـاڵەی دواییدا زیاتر وەك پێداگۆگ بە تەنیا لە ڕێی كۆمپانیا تایبەتییەكەی خۆمەوە كارم كردوە و، لەگەڵ كەســـانی تر لە ســـوید و دانیمارك و ئینگلتەراش هەر كارم كردوە. ئێمە ئیشـــمان لەســـەر بەرەو پێشـــبردنی ئەو میتودانە كردوە كە یارمەتی هەرچی زیاتر باشتركردنی ژیانی ئەم كەسانە دەدات.

**شـــارا**: بۆ من كتێبی ڕەفتاری گرفتخوڵقێنەر(Troublesome Behaviour) ، كتێبێكی گرنگە لە بواری پێداگۆگی ئەوتیزمدا، تۆ ئیشـــت لەســـەر هەردوو لایەنی پراكســـیس و تیۆری كردوە. بە ڕای تۆ بۆچی پێویســـت دەكات ئەم كتێبە وەك پرۆگرامی خوێندن لە لایەن پێداگۆگ و ئەو كارمەندانەی كە ئیش لەگەڵ ئەم كەسانەدا دەكەن، بخوێنرێت؟

**هێلســـكۆف**: بەر لەوەی كتێبەكەی خۆم بنووســـم، هەموو ئەو كتێبانەی كە دەمخوێندنەوە، زیاتر باسیان لە چارەسەركردنی ئەم جۆرە كەسانە دەكرد. بەڵام ئێمە دەزانین ئەو كەسانەی ئیشیان لەگەڵ دەكەین، لە نەخۆشـــییەكانیان چاك نابنەوە، هەر بۆیە وا باشـــترە زیاتر كار لەســـەر ئەو

میتودانە بکەین کە ژیانیان باشتر دەکات. ئەم کتێبەی من باسکردنە لەو میتودانەی کە ژیانی ئەم کەسانە باشتر و ئاسانتر دەکات و، هەروەها ئەو هەلومەرجانەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەسانەدا پێویستن، دیارە ئەویش لە ڕێگەی ڕاهێنان و ڕێنماییکردنی کارمەندەکان و ئەو کەسانەی کە ئیشیان لەگەڵ دەکەن.

**شارا**: تۆ باس لە چەمکی دەسەڵات دەکەیت، دەتوانیت بۆم ڕوون بکەیتەوە پەیوەندی دەسەڵات بە بواری پێداگۆگییەوە چییە؟

**هێلسکۆڤ**: لە ڕاستیدا چەمکی دەسەڵات زۆر زۆر ئاڵۆزە. لە جیهانی خۆرئاوادا ***هۆبز*** یەکێکە لەوانەی کە زۆر بە باشی وەسفی دەسەڵات دەکات و پێیوایە بریتییە لەو هێزەی کە تۆ وەریدەگریت، واتە لەو کەسانەوە وەریدەگریت کە دەسەڵاتت بەسەریاندا هەیە. ئەو خەڵکە دەسەڵاتی خۆی بە قەرز دەدات بە تۆ تاوەکو تۆش ئیش بۆ خۆشگوزەرانی ئەوان بکەیت. ئەوەی لە وەسفەکەی هۆبزدا بۆ دەسەڵات گرنگە ئەوەیە کە خەڵکی دەسەڵاتی خۆی بۆ تۆ جێدەهێڵێت و ڕادەستت دەکات. گەر تۆش ئەم دەسەڵاتە لە خزمەتی خەڵکیدا بەکاری نەهێنیت، ئەوا تۆ وەك خاوەن دەسەڵات دەبیتە دیکتاتۆر! لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بە کات و زەمەنەوە هەیە، چونکە خەڵك ئەو دەسەڵاتەت لێ وەردەگرێتەوە کە پێشتر بە ئارەزووی خۆی پێی بەخشیویت. بەڵام بە داخەوە ئەمجارەیان بە زەبروزەنگ و لە ڕێی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە خەڵك دەسەڵاتی خۆییت لێدەسەنێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەمە دۆخی تەواوی ئەو سیستەمە سیاسیانەیە کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا فەرمانڕەوایەتی دەکەن.

واتە بەپێی هزر و بیری هۆبز و ئاکاری مۆدێرنەی خۆرئاوا، پێویستە کەسی خاوەن دەسەڵات، کەسێکی باش بێت. تۆ بۆ ئەوە دەسەڵاتت نییە تا خۆت دەوڵەمەند و خۆشگوزەران بکەیت، بەڵکو ئەو دەسەڵاتەی بە دەستەوەیەهی خەڵکە و پێویستە لە بەرژەوەندی خەڵکدا بە کاری بهێنیت. ئەو یاسایەی کە بۆ دەسەڵات هەیە، بەم شێوەیە ئیش دەکات: خەڵکی خاوەن دەسەڵات، هێزی خۆی بەسەر خەڵکی بێدەسەڵاتدا پیادە دەکات و بەکار دەهێنێت، بەڵام ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی بەدەستە دەبێت ئەو خەڵکەی خۆش بوێت کە بێدەسەڵاتە. لە کاتێکدا مەرج نییە ئەوەی کە بێدەسەڵاتە خاوەن دەسەڵاتی خۆش بوێت. دیارە ئەمەش بۆ خۆی زۆر شتێکی باشە.

تا ئێرە پەیوەندی بە ئاستە سیاسییەکەوەیە، بەڵام هەمان لێکدانەوە بۆ ئیشکردن لە بواری پێداگۆگی و پرۆسەی فێربوونیشدا هەر ڕاستە، بەو مانایەی کە مامۆستا یاخود کارمەندەکان تا ئەو کاتە دەسەڵاتیان هەیە کە خوێندکارەکان دەسەڵاتیان پێدەبەخشن. ئەگەر مامۆستایەك بیەوێت لە ڕێی قیژە و هاوار و لێدانەوە دەسەڵاتی خۆی ڕابگرێت ئەوا دڵنیابە کە مامۆستایەکی

ســـەرنەکەوتووە لە کارەکەیدا و هیچ مەعریفەیەکی پێداگۆگی بۆ فێرکردنی خوێندکارەکانی پێ نییە. بە مانایەکی دی، کاتێك مامۆستا دەسەڵاتی خۆی لە ڕێی توندوتیژییەوە بەسەر خوێندکاردا دەســـەپێنێت، زۆر جار ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتانە دەبێتەوە: یا دەبێتە مایەی ترســـاندنی خوێندکارەکە، کە لەم دۆخەشدا هیچ فێر نابێت. یان خوێندکارەکە هەست دەکات مامۆستایەکی گەمژە و نەفامی هەیە، کە دیسان لەم حاڵەتەشدا هەر هیچ فێر نابێت. کەواتە بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون ســـەرکەوتوو بێت، پێویســـتە مامۆستا کار و هەماهەنگی لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکات (هەڵبەت مەبەســـتم لە خوێندکارەکانیەتی) کە پایە و دەســـەڵات (واتە ئۆکتۆریتێت)ی ئەویان ڕاگرتووە. وەك دەبینین وشـــەی ئۆکتۆریتێت زۆر ســـەرنجڕاکێشـــە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، لەبەر ئەوەی خوێندکاران ئۆکتۆریتێتی خۆیان دەدەنە دەست مامۆستا تا بڕیاری بەسەردا بدات، بەڵام ئەم پرۆســـەیەش تەنها لەو کاتەداســـەرکەوتوو دەبێت کە مامۆســـتا بە شـــێوەیەك ئیش بەم دەســـەڵاتە بکات کە خوێندکارەکانی پێی بڵێن بەڵێ، واتە بڕیارەکانی قبوڵ بکەن. بە مانایەکی دی، بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی پرۆســـەی فێرکردن پەك دەخات، لە کاتێکدا بەکارهێنانی هێزی نەرم یانهێزی میتۆدەکانی پێداگۆگی، خوێندکاری ڕەخنەگر و بەهرەمەندت بۆ دروســـت دەکات. تۆ دەتوانیت مامۆســـتایەکی بە دەســـەڵات بیت و خوێندکاری بە توانا و بیرفراوان دروست بکەیت. ئەڵبەتە کاتێك دێتە سەر مەسەلەی ئیشکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کێشـــەکە زۆر ســـەختتر دەبێت، چونکە ئەستەمە بۆ ئەم کەسانە بتوانن هەموو شـــتێك بە ڕاستی و دروستی ئەنجام بدەن، هەر بۆیە ئیشی پێداگۆگ یان کارمەندێك کە دەسەڵاتی بەدەستە بریتییە لە ڕەخساندنی ئەو کەشوهەوا و هەلومەرجەی وا دەکات ئەو کەسانە بتوانن کارەکانیان بە ئاســـانی ئەنجام بدەن، لەوەش گرنگتر، ئەرکێك نەخەنە ســـەرشـــانیان کە لە بنەڕەتدا ئەمان تواناى جێبەجێکردنیان نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە پێویســـتە کەســـی خاوەن دەســـەڵات توانای بەرامبەرەکەی ڕەچاو بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

**شـــارا**: لە یەکێك لە نووسینەکاندا باس لەوە دەکەی کە تۆ بۆت هەیە بە ســـەرۆك وەزیران بڵێیت گەمژە و نەفام، بەڵام ئەو بۆی نییە وا بە تۆ بڵێت! مەبەستت چییە؟

**هێلســـکۆڤ**: بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئازادی ڕادەربڕین مافێکی گرنگی مرۆڤە. من بۆم هەیە بە ڕاینفیلدی ســـەرۆك وەزیران بڵێم گەمژە و نەفام، چونکە ئەو دەســـەڵاتی بەســـەر هەموو خەڵکی سویددا هەیە، منیش یەکێکم لەو خەڵکە، جا با حەزم بە چارەشی نەبێت، لێ ئەو بۆی نییە بە من بڵێت گەمژە و نەفام، چونکە وەك ســـەرۆك وەزیران پێویســـتە ڕێزی هاونیشـــتمانیانی خۆی بگرێت. گەر ڕێزی خەڵکی خۆی نەگرێت، ئەوا هێدی هێدی خەڵك لەســـەر کورســـی دەســـەڵات لای دەبات. کەواتە ســـەرۆکی ئاقڵ و زیرەك ئەو ســـەرۆکەیە کە ئیش بۆ ئەوە دەکات خەڵکەکەی

خۆشـــیان بوێت، ســــەرۆکی زیرەك پایە و دەســـــەڵاتی خۆی (واتە ئۆکتۆریتی خۆی) بە خۆشـــەویســـتی خۆی بۆ خەڵك دەهێڵێتەوە، لە ڕێی ئەوەی کە خەڵکی خۆش بوێت، نەك بە توندوتیژی بەرامبەر خەڵك.

**شـارا**: ئەم وەڵامەت پرسـیارێکی تری لا دروسـت کردم سـەبارەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی وەك تاکە چارەیەك بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەوی تر، جا لە بواری پێداگۆگیدا بێت یان لە سیستمی سیاسیدا، ڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

**هێلسـکۆڤ**: دەبێت هەمووان ئەوە ڕاسـتییە بزانن کە توندوتیژی تا سـەر بڕ ناکات. واتە ڕەنگە تۆ بتوانیت کەســـێك بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بکەیت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کێشـەکەت چارەسـەرکردوە. چونکە توندوتیژی بەتەنها توندوتیژی بەرهەم دەهێنێتەوە. گەر من لە پرۆسـەی پیداگۆگی یان سـیاسـیدا بە تەنها میتۆدی (هێز)م بەکار هێنا، ئەوا بێگومان هەر بە (هێز)یش وەڵامم دەدرێتەوە. ڕەنگە ئەم میتۆدە بۆ پەیوەندییەك ڕاســـت و شــــیاو بێت کە لە بنەڕەتدا لەسـەر بنەمای یەکسانی دروست نەبووە، بەڵام بۆ پەیوەندییەك کە لایەنەکانی یەکسان بن (بۆ نموونە پەیوەندی نێوان دوو برا کە هاوتا و هاوشـــێوە بن)، دوو شـــێواز هەیە بۆ مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتری: یان ئەوەتا باشـن بۆ یەك و تەباو هاوکاری یەکن، یان توندتیژن بەرامبەر یەك و شـەڕ دەکەن! دیارە بە ڕای من باشـتر وایە شـێوازی یەکەم هەڵبژێرن، واتە هاوکاری یەك بکەن و تەبابن. بەڵام گەر پەیوەندییەکمان هەبوو لەنێوان برا گەورەیەکی بەهێز و برا بچوکێکی لاواز و بێدەســـــەڵاتدا، ئـەوا ئـەرکی ســــەرشــــانی برا گـەورە بـەهێز و دەســـەڵاتدارەکەیە کە بەرگری لە برا بچوکە لاوازەکەی بکات و نەیچەوســـێنێتەوە. ئەوەی لەم مەســـەلەیەدا گرنگە و مەبەســـتمە بیڵێم ئەوەیە کە برا گەورە لەم دۆخەدا هێزی خۆی لە پێناوی هەرچی زیاتر باشکردنی برا بچکۆلەکەیدا بە کار بهێنێت، واتە لە پەیوەندیی دەسەڵاتدا پێویستە چەوســـانەوە و توندوتیژی لە فەرهەنگی خۆیدا لاببات و لە جێیان تەبایی و هاوکاریکردن بە کار بهێنێت. پێناسـەی من بۆ پێداگۆگی ئەوەیە کە کەسـی پێداگۆگ دەبێت بە شێوەیەك ئەرك و مەرج بۆ خوێندکارەکەی دابنێت کە ئەم خۆی بەو شـێوەیە بیری لێ نەکردۆتەوە. بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بتوانێت بە شـــێوازێك ئەو ئەرکە بە ســـەرشـــانی خوێندکارەکەدا بدات کە بتوانێت قەبوڵی بکات و بڵێت بەڵێ! لێ ئەگەر هاتوو خوێندکارەکە وتی نەخێر بۆ ئەو مەرج و ئەرکانە، ئەوا کۆی پرۆسە پەروەردەییەکە شکستی هێناوە. کەواتە پێویستی بەوەیە هێز بە کار بهێنێت تا ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنێت، لە کاتێکدا بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگ لە لایەن پێداگۆگەوە بە ئامانجی پەروەردەکردن هیچ نییە جگە لە شکستی پرۆسەی فێربوون.

لەو وڵاتانەدا کە توندوتیژی وەك سیستمی سیاسی تێدا پەیرەو دەکرێت، دەبینین کە ژیان تیایدا ئاژاوە و کاوسە، خەڵکەکەی توندوتیژن، کەچی هەمووشیان باس لە ڕێکخستن و هەبوونی سترەکتور دەکەن بۆ ڕێککردنەوەی ژیانیان.

**شارا:** دەمەوێت بەشی دووەمی گفتوگۆکەمان تایبەت بێت بە قسەکردن بێت لەسەر ئەوتیزم. من خۆم وەك پێداگۆگێك لەگەڵ کەسانی ئەوتیست و بیرکۆڵ ئیش دەکەم، پێشمەوایە کەم تا زۆر هەموو کەسێك شتێك لە نیشانەکانی ئەوتیزمی تیایە. مەبەستم زیاتر ئەوتیزمی ناوازەیە (A typical Autism.)[1] دەتوانیت باسی ئەم جۆرە لە ئەوتیزم بکەی؟ بە ڕای تۆ کولتوور یان کۆمەڵگە هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر تۆخکردنەوەی ئەم جۆرە لە ئەوتیزم؟

**هێلسکۆڤ:** بەڵێ. بە دڵنیاییەوەهەردووکیان کاریگەری خۆیان هەیە. دیارە ئەوتیزمی ناوازە سیفەت و خاسیەتەکانی نەرمترن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو کەسەی کە ئەم جۆرە لە ئەوتیزمی هەیە، هەڵگری سیفات و خاسیەتی بیۆلۆژی ئەوتیزم نییە. دوو ساڵ لەمەوبەر توێژەرەوەیەك بە ناوی (سباستیان لوندسترویم) لە شاری (یۆتۆبۆری) توێژینەوەیەکی گەورەی لەسەر هەشتا هەزار دایك و باوك ئەنجام دا. مەبەستی توێژینەوەکەی لوندسترویم دۆزینەوە و دیاریکردنی نیشانەکانی ئەوتیزم بوو. ئەو گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەپێی مانوێلی[2] (DSM 5)، ١٢ نیشانەی ئەوتیزم هەیە. لە کۆی ئەو خەڵکەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدابوون، دەرکەوت کە(١٪) یان هەموو نیشانە و خاسیەتەکانی ئەوتیزمیان هەبووە، (٣٪) یان شەش سیفات و نیشانەیان هەبووە،(٣٥٪) یشیان یەك نیشانەیان هەبووە. کەواتە بەپێی ئەو توێژینەوەیە لە سێ بەشی ئەو دانیشتوانە کەمە بەشێکی ــ بە شێوەیەك لە شێوەکان ـ هەڵگری سیفات و خاسیەتی ئەوتیزم بوون. بەڵام بەشێکی زۆری هۆکارەکانی تۆخبوونەوەی ئەو نیشانانەش پەیوەندیان بەو کۆمەڵگە و سیستەمەوەیە کە مرۆڤەکانی تیا دەژین. واتە گەر کۆمەڵگەیەك ئەرك و فەرمانێکی زۆر بخاتە سەر تاکەکانی، ئەوا تا بێت کەسی ئەوتیست زیاتر دەکات لە کۆمەڵگەکەدا. بەڵام بە پێچەوانەوە، گەر کۆمەڵگەیەکی کراوە بێت و ئیش لەسەر ئارامی و دڵنیایی تاکەکانی بکات ئەوا تا بێت هەرچی کەمترە سیفات و خاسیەتەکانی ئەوتیزمی

[1] (A typical Autism) بەمانای ئەو چەشنە لە پشێوی گەشەکردن دێت کە بە جۆرێکی تر دیاری نەکرابێت، واتە وەکوو جۆرەکانی تری ئوتیزم نیشانەکانی دیاری نەکرابێت.

[2] DSM, Diagnostic and statistical manual of mental disorders ، یان مانوێلی ئامار و دەستنیشانکردنی نەخۆشییە ئەقڵییەکان، بریتییە لە سیستمێکی دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی پشێوی دەروون، شانبەشانی گەشەپێدانی دەرمانسازیی

ناوازە لە تاکەکانیدا دەبینیت. هەر بۆیە دەبینیت دەستنیشانکردنی نیشانەکانی ئەوتیزم لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت. کاتێك کە باسی ئەوتیزمی ناوازە دەکەین، ئەگەر کەسێك خاوەنی کارەکتەری ئەوتیستی بێت و لە کۆمەڵگەیەکی ستراکتوریدا بژی (واتە کۆمەڵگەیەك کە هەموو شتێك بە پلان و بەرنامەڕێژی دەکات)، ئەوا کێشەی نییەو بە باشی ژیانی خۆی بەڕێ دەکات، لە کاتێکدا ئەوەی ئەم سیفات و خاسیەتانەی نەبێت، ناتوانێت لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا بە باشی هەڵبکات، سەیر نییە ئەمە؟!

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەوروپا، ساڵانی (١٩٥٠-١٩٦٠) کۆمەڵگەیەکمان هەبوو کە تیایدا ئەندازیار خاوەنی پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، لەبەر ئەوە کەسی خاوەن کارەکتەری ئەوتیستیمان زۆر بوو. دەمەوێت بڵێم لە کولتوور و کۆمەڵگەیەکدا کە تیایدا گرنگیەکی زۆر بە تەکنیك دەدرێت، کەسانی خاوەن سیفەت و خاسیەتی ئەوتیزم باشتر ژیان بەڕێوە دەبەن. مەبەستم ئەوەیە ئەم جۆرە کولتوورە کۆمەڵگەکەیان بەدیویێکی ئەوتیزمدا دەبەن. بەڵام ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئیش لەسەر چەمکە مرۆییەکان دەکات و بەها و دید و بۆچوونی مرۆییبۆ ژیان هەیە، لەم کۆمەڵگەیەدا مرۆڤ کەمتر کارەکتەری ئەوتیزمی هەیە، بەڵام ژیان بۆ کەسێك کە ئەوتیزمی هەبێت زۆر زەحمەتە! بە مانایەکی دی، کولتوور کاریگەرییەکی دوولایەنە و دووفاقی هەیە. بۆ نموونە ژاپۆن وڵاتێکە کەسی ئەوتیزمی زۆرە، بەڵام ئەم کەسانە زۆر بە باشی دەتوانن لەگەڵ سیستەم و ستراکتوری ئەو کۆمەڵگەیە هەڵبکەن. لە کاتێکدا لێرە کەسانی ئەوتیست بە باشی ناتوانن هەڵبکەن لەگەڵ سیستمی ئەم کۆمەڵگەیەدا.

**شارا:** من حەز دەکەم ئەو کتێبەت (ڕەفتاری گرفتخوڵقێنەر) وەربگێڕم بۆ سەر زمانی کوردی. بە ڕای تۆ ئەم کتێبە چۆن دەتوانێت سوود بە کۆمەڵگەیەك بگەیەنێت کە هێشتا ئیشکردن تیایدا بە پێداگۆگی لە بواری ئەوتیزمدا شتێکی تازەیە؟

**هێلسکۆف:** لە هەموو دونیادا کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەوتیزم هەیە. بەڵام هەندێ کۆمەڵگە بە هۆی هەندێك ڕووداوی مێژووییەوە، جا چەوساندنەوەی سیاسی بێت یان هەژاری، ناپیەرژێتە سەر پێداویستی و ژیانی کەسە لاواز و بێدەرەتاکانی خۆی، چونکە بە لای ئەو کۆمەڵگایانەوە هەوڵدان بۆ مانەوەی میللەتەکەیان وەك گشت گرنگترە لە بایەخدان بە گروپێکی تایبەت لە مرۆڤ. بەڵام تا وڵات دەوڵەمەندتر بێت و بەرەو خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی زیاتر بڕوات، ئەرکی سەرشانیەتی کە زیاتر گرنگیش بە کەسە کەمئەندام و لاوازەکانی بدات. ئەوەندەی من بزانم ئەمڕۆ کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و بە پرۆسەی گەشەکردنێکی بەردەوامدا تێدەپەڕێت، لەبەر ئەوە هیچ بیانوویەکی نییە کە ئیدی ئاوڕ لە کەسە لاواز و کەمئەندامەکانی نەداتەوە. ئەم کارەش بەر لە هەر شتێك پێویستی بە مەعریفەیە لەو بوارەدا تا

به باشــترین شــێوه یارمەتی ئەم جۆره مرۆڤانه بدەن، ڕەنگه کتێبەکەی من لەم ڕووەوه بایەخ و گرنگی هەبێت.